یەکێتیی: کێشەی مامۆستایان لە خوتوخۆڕایی درێژبۆوە و پێویستە بەیەکجاری و چارەسەر بکرێت

راگەیەندراوێک لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە خۆپشاندانی مامۆستایان.

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 3ی 2ی 2025، ڕایگەیاند، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانەکی ڕاستوڕەوانی هەموو داخوازییەکی ڕەوای مامۆستایان و هەموو چین و توێژێکی کوردستانە کە داکۆکی لە مووچەو گوزەرانی شەرافەتمەندانە و سەربەرزانەی خۆیان دەکەن. هەر لەم چوارچێوەیەشدا بافڵ تاڵەبانی کۆتایی بە سەفەرەکەی لە ئەمریکا هێنا بۆ ئەوەی لەنزیکەوە گوشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەری یەکجارەکی ئەم ئیستحقاقەی هاوڵاتیان بکات.

وەک یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێمانوایە مانگرتن و چالاکی جۆراوجۆری مەدەنی مامۆستایان و فەرمانبەران لە پارێزگای سلێمانیی، لە پێناو مووچە و قووتی منداڵەکانیان و دڵنیایی وەرگرتن لەو بارەیەوە ویستێکی مەدەنی دادپەروەرانەیە، چونکە دیاردەی دواکەوتن و دواخستنی مووچە هیچ بیانوویەک هەڵناگرێت. بەتایبەتی کە بڕیارەکانی دادگای ئیتحادی لەسەر ئیستحقاقی مووچە ڕوون و ئاشکران و پێویستە ئەم ئیلتیزامە هاوبەشەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕالی دوور لە دەست شکاندنەوەی سیاسیی جێبەجێبکرێت.

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: "پێویستە ئەم کێشە لە خوتوخۆڕایی درێژبۆوە بە

یەکجاری و لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت".

ئەمەش لەکاتێکدا، لە بەیانی ئەمڕۆ دووشەممەوە 3ـی شوباتی 2025، هەزاران هاوڵاتی و مامۆستای شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوویان لەشاری سلێمانی کرد بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی فراوان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هاوکات، ماوەی حەوت ڕۆژە چەندین مامۆستای ناڕازی لە پێنەدانی مووچەو شایستە داراییەکانیان لە سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامۆستایانی ناڕازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕەئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپیشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرێم بەڕێوەبچێت بەهۆی پێنەدانی شایستە داراییەکانیان.

لەکاتێکدا تا ئەمڕۆ دووشەممە 3ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە داراییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە.